# ئامۆژگاری دەربارەی خۆپاراستن کاتێک کە بە پیادە دەڕۆیت ...

SUFFOLK CONSTABULARY

- دەست لە ئۆتۆمبێلی نەناس ڕامەگرە بۆ گەیاندنت و هەروەها ڕازی مەبە کە سواری ئۆتۆمبێلی کەسی نەناس یان تاکسیی نارەسمی ببیت.
- پێشکات پلان بۆ ڕێگەی چوون و گەڕانەوەت دابنێ. خۆت لادە لە ڕۆشتن بە ئەو ڕێگە نزیکانەی کە گڵۆپی سەر شەقامەکانی نیە یان چۆڵە و کەسی پێوە نیە.
- هەوڵ بدە کە بە کۆمەڵ بڕۆن.
- کەسێک ئاگادار بکەرەوە کە بۆ کوێ دەچیت و کەی دەگەڕێیتەوە.
- کلیلەکانت ئامادە بکە بۆ ئەوەی دەستوبرد بچیتە ناو خانووبەرەکەتەوە یان ئۆتۆمبێلەکەتەوە.
- ئاگات لە دەوروبەری خۆت بێت – بەکارهێنانی ستێریۆی شەخسی (هێدفۆن) دەشێت ببێتە مایەی ئەوەی کە گوێت لە دەنگی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل نەبێت یان گوێت لە نزیکبوونەوەی کەسێک لە دواتەوە نەبێت.
- ئەگەر لە ئەو باوەڕەدایت کە کەسێک بە دوات کەوتووە، بچۆ بۆ نزیکترین شوێنی گشتی، بۆ نموونە پەبێک (بارێک) یان دوکانێک (فرۆشگەیەک) و لەسەر ژمارەی 999 تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە.
- بە ئاڕاستەیەک بڕۆ کە ڕووت لە هاتنی ئۆتۆمبێلەکان بێت (واتە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ترافیکەوە بڕۆ) – بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێل لە دواتەوە ڕانەوەستێت و تۆ ئاگات لێنەبێت.
- ئەگەر ئۆتۆمبێلێک ڕاوەستا و کەسەکەی ناوی پرسیاری جێگەیەکی لێکردیت، لە دوورەوە ڕابوەستە و وەڵامی بدەرەوە.
- ئەگەر کەسێک ڕێگەی پێگرتیت، زەنگە شەخسییەکەت بخەرە کار و ڕابکە (غار بدە)؛ یان بقیژێنە و هاوار بکە بۆ ئەوەی خەڵک ئاگادار بێتەوە.




**هەمیشە لە حاڵەتی ئیمێرژنسیدا (لێقەوماندا) کە دەستبەجێ پێویستیت بە یارمەتی هەیە، تەلەفۆن بۆ ژمارەی 999 بکە.**

suffolk first for you

staysafe